کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-9-2007 2:26بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ڕاگەیاندن و گەندەڵی ... جەمال پوور کەریم

ڕژێمی لەناو چوو و دیکتاتۆری بەعس یەکێك بوو لەو زاڵم و خوێن مژانەی گەلی کورد، کە لە کوردستانی باشوور و عێراق خاوەن هێز و دەسەڵات بوو، لەماوەی حوکمڕانی خۆیدا گەلێك فەرهەنگ و داب و نەریت و خووخدەی عەرەبی بەعسی لەپاش خۆی بەجێهێشت کە تاکوو ئێستاش ئاسەواریان لەم بەشەی کوردستاندا هەر ماوە و نەتوانراوە ئەم فەرهەنگە بسڕێتەوە و یان تەنانەت کاڵیش بکرێتەوە، نموونەیان کەم نییە ئەم کارانەی کە ئێستا لە کوردستاندا بوونەتە هۆی گەندەڵی، کاتی خۆی (زەمانی بەعس) مووچەیەك دەدرایە کەسانێك وەك (بن دیوار) بێ ئەوەی کەسەکە دەوام بکا و یان توانای دەوام کردنی هەبێ، مووچە لەناوقەددا دوولەت دەکرا و کارمەندێك لە جیاتی یەکی تر دەوامی دەکرد، خەڵکانێکی نەخوێندەوار و نەشیاو و نەشارەزا لە ئیش کار و باری حکوومەت و دام و دەزگا حکوومیەکانیان بەڕێوە دەبرد، زۆربەی ئیدارەکان لەلایەن کەسانی عەسکەریەوە بەڕێوە دەچوو، ملازمێك دەبوو بە وەزیری کارەبا، نەێبرِ موتەقەدم و ڕائیدێك دەبوون بە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنێك، عەقیدێك دەبوو بە وەزیری پەروەردە، نەخوێندەوارێکیش دەبوو بە وەزیری ڕۆشنبیری...هتد واتە دەسەڵات و حکوومەت بەتەواو مانا عەسکەرتاریەتی و نیزامی بوو، فەرهەنگی دواندن و قسە کردن پێکەوە بە زمانێکی ڕەق، ئیشك، توند و تیژ و تووڕەییەوە دەردەبڕدرا، هەرچی بیڵێین و بینووسین کەممان گوتووە و نووسیوە و بە سەدان و هەزاران کتێب کۆتایی نایە و وشە و قەڵەم لەم ئاستەدا کەم دێنن، بەهەر حاڵ هەرچی بوو یان نەبوو، ئەوە تێپەڕی و کۆتایی پێهات، حکوومەتی بەعس ڕووخا و دیکتاتۆرەکەشی لەسێدارە درا، بەڵام تەنیا و تەنیا دەسەڵاتەکەی بەعس بوو کە ڕووخا و کۆتایی پێهات، نەوەك داب و نەریت و فەرهەنگ و ئاسەواری بەعس، ئێستاش کابرا دەوام ناکا و مووچە خۆرە و پێی دەڵێن پێشمەرگەی بن دیوار و ژێر دیوار، مەسئوول بە کارمەندەکەی دەڵێت دەوام مەکە نیوەی مووچەکەی بۆ من و نیوەی بۆ خۆت، کەسی نەخوێندەوار و نەشیاو هەروا دادەمەزرێ و دەبێتە کار بەدەست، گوندەکانیان چۆڵ کرد و هەرچی شوان و وەرزێڕ و ئاژەڵدار بوو کردیان بە پۆلیس و سەرباز و ...هتد (بەعس بە زۆر و زەبر گوندەکانی چۆڵ دەکرد، بەڵام ئێستا بە قسەی خۆش و پارە چۆڵ دەکرێن و لە جیاتی ئەوەی وەرزێڕی کە بناغە و بنەمای سەرەکییە لە کوردستان پەرەی پێ بدرێت لەناوی دەبەن) ئەو پێشمەرگەیەی کە 25 ساڵ خەباتی چەکداری کردووە لە پێناو ئازادیدا ئێستا کراوەتەبەرپرسی شوێنێکی پەروەردەیی منداڵان، یان بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنێك، کاتێکیش دەپرسی"بۆچی ئەو کەسە بۆتە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن، دەڵێن"کاکە 25 ساڵی خەباتی پێشمەرگایەتی هەیە، چۆن نابێ ببێ، هەموو شتێکی قابیلە" دەبێ زیاتریشی بۆ بکرێ، منیش دەڵێم شایەنیەتی هەموو شتێکی بۆ بکرێ، بەڵام نەك ئاوا، ئەگەر ڕاست دەکەی وەرە پارێزگاری وڵاتی بدە دەست، وەرە بەو 25 ساڵە خەباتەوە خانەنشینی کە و مووچەیەکی باشی بۆ ببڕەوە و ڕێزی تایبەتی بۆ دابنێ، لەسەر سەرتی دابنێ، بەڵام تۆ کە دەیکەی بە بەڕێوەبەری شوێنێکی ڕۆشنبیری یا ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندن، لە ڕاستیدا ڕێزت لێ نەناوە، بەڵکوو سووکایەتیت پێکردووە، چونکە ئەو لەم بوارەدا هیچی لێ نازانێ، کەوابوو کاتێك منێکی نەوعی کە شتێك لە ڕاگەیاندن دەزانم و لە تەلەفزیۆن سەرەتەقەیەکی لێدەردەکەم وەختایەك دەبینم ئەو پێشمەرگە خەبات کارە لە ئیشەکەیدا هیچی لێ نازانێ ئەو دەمەیە کە ئەمنی بێخەبات و هاتووە سەر نانی حازری، دوور نییە پێکەنینم پێی بێ و ڕۆژانە سەدان جنێو و قسەی سووکی پێ بڵێم و سووکایەتی پێبکەم (ئاگاداریەك بۆ مەسئوول و کاربەدەستەکان "تکایە ئەوەی لە بوارەکەی خۆیدا هەڕەی لە بڕەی ناکاتەوە با زوو ئیستیقالە بکات، تا لەلایەن کەسانی شارەزاوە سووکایەتی پێنەکراوە") ئێستاش هەروەك زەمانی بەعسی لەناو چوو هەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەێیڕ و ملازمە کە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنە، (لەگەڵ ڕێزم بۆهەندێکیان) ئێستاش هەر عەقید و نەقیب و ر ائید و ڕەفیق حزبییە، کە شوێنە گرنگ و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و دام و دەزگاکان بەڕێوە دەبات، واتە حکوومەت هەروا عەسکەر تاریەتیەو لەلایەن کەسانی نیزامیەوە ئیدارەی وڵات بەڕێوە دەچێت، سەرەڕای هەموو ئەوانە قوتابی و خوێندکارانیش بەراوەژوو دادەمەزرێن، خەریجی ێناعە ئێستا لە زراعەیە، خەریجی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی مۆسیقا ئێستا پۆلیسی دارستانە، خەریجی زمانی ئینگلیزی، مامۆستای وانەی عەرەبیە و ...هتد لێرەدا نموونەی دەزگایەکی ڕاگەیاندن واتە تەلەفزیۆنێکتان بۆ دێنمەوە بۆ ئەوەی باشتر بزانم کە لەم وڵاتەدا ڕۆژانە چ دەکرێ و چۆن شەو و ڕۆژ دێتەوە، (لە تەلەفزیۆنێکدا پاش ململانییەکی زۆر و جێگە چۆڵ کردن بە دوو بەڕێوەبەر کەسێك کە لە بواری ڕاگەیاندن جگە لە گوڕاندن لەکاتی شەڕی ناوخۆ و ئاگر خۆش کردنی شەڕ کارێکی تری نەکردووە، دەبێتە بەڕێوەبەر، هەر بۆیە ئێستاش هەروا تێدەگات سەردەمی شەڕی برا کوژی و شەڕی ناوخۆیە، (ناڵێم سەر بە کام حزبەیە) ((جارێکی برادەرێك بۆی گێڕامەوە کە کاتی وەستانی شەڕی ناوخۆ یەکێك لە بێژەرەکانی ڕادیۆ هەر دروشم دژی حزبەکەی تر دەدا، بە سەرکردەی حزبەکە ڕادەگەیەنن دەڵێن"باشە مەگەر شەڕ نەوەستاوە؟ ئەو بێژەرە بۆ وا دەکات، سەر کردەکە دەڵێ" وەڵا بڵێم چی، من شەڕم ڕاگرتووە، بەڵام ..... لە ڕادیۆ ڕای ناگرێ)) بەڵام ئەم بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنەش تاکوو ئێستاش شەڕی هەر ڕانەگرتووە، بۆ وێنە ئەگەر ڕاپۆرت یان کۆبوونەوەیەك لە تەلەفزیۆنەکەی بڵاو بکرێتەوە، ئەوەی سەر بە حزبەکەی خۆی نەبێ دەبێ لە مۆنتاژدا بقرتێندرێ و وا نیشان بدرێ کە ئەو کەسە هەر لەوێش نەبووە و قسەشی نەکردووە، دەبێ هەرچی نوسراوە و ژێر نووسی تەلەفزیۆنەکەیە بە ڕەنگی حزبەکەی خۆی بنوسرێ، ڕەنگی دیکە قاچاغە، ئەگەر لە هەواڵەکاندا ناوی سەرکردەیەکت هێنا کە سەر بە حزبەکەی خۆی نەبوو، ئەوە نابێ لە سەرەتای ناوەکەی وشەکانی (کاك، بەڕێز، ڕێزدار یان هەڤاڵ) بەکار بێنی، (تەنانەت لەسەر ئەم مەسەلە لە بێژەر قەڵس بووە و هەڕەشەی فەێڵ کردنی لێکردووە) لە دانانی بەرنامەی شەوانە کە بۆ خەڵك دادەنرێ و بڵاو دەکرێتەوە!؟ چونکە بەڕێوەبەر دەنگی هونەرمەند حەسەن زیرەکی پێخۆشە ئەوە حەتمەن یان گۆرانیەکی ئەو یان کەسێك کە دەنگی لەو بچێت، دەبێ بڵاو بکرێتەوە، ئەگەر لەماڵەوە گوتیان با ئەم شەو فڵانە گۆرانی یان فیلم بڵاو بکرێتەوە، جیرانەکان پێیان خۆشە ئەوە ئەو شەوە تەلەفزیۆنەکە پەخشی خۆی تایبەت دەکا بە ماڵە بەڕێوەبەر و جیرانەکانی، ئیدی حساب بۆ خەڵکی تر ناکرێ، کەچی پێخۆشە یان پێخۆش نییە، خاوەن باوەڕێکی سەیرە لەسەر ڕاگەیاندن و دەڵێ" بۆ بەرنامە ساز کردن دەرهێنەر پێویست نییە و لەم تەلەفزیۆنەدا وێنەگر خۆی دەرهێنەرە، دەرهێنەر بەشی ئیدارییە، بێژەر هەم ئامادەکارە و هەم لیژنەی کڕین و فرۆشتنیشە، ژمێریار جگە لە کارەکەی خۆی، ئامادەکارە، دەرهێنەرە، نووسەرە، جار جارە بەڕێوەبەریشە و بەڕێوەبەریش زۆر جار جێگریەتی، وردبینیش بەردەوام خەریکی کۆنکان و ئەتارییە لەسەر کۆمپیتەرەکەی ژمێریاری (چونکەخزمی لێپرسراویڕاگەیاندنەووردبینیشەمانگانەجگەلەمووچەکەیخۆیسەدهەزاریشیدەست خۆشانەهەیە) ، ڕۆژێك کارمەندێك دەچێتە لای بەڕێوەبەر و دەبینێ، ئەوە بەڕێوەبەر دانیشتووە و بە کۆمپیۆتەرەکەی ئیدارە خەریکیئەتاری شەڕە تفەنگەکەیە، کارمەندەکە پێی دەڵێ" کاکە زەحمەت نەبێ کاسێتێکی بۆشم بدەیە (سەیرە کاسیەت لە جیاتی لە ئەرشیف وەربگیرێ لەم تەلەفزیۆنە لە بەڕێوەبەر وەردەگیرێ) بەڕێوەبەر لەبەر ئەوەی خەریکی ئەتارییە و ئاگای لە دنیا نییە لە جیاتی کاسیەت، کابیسەی دەداتێ، کارمەندەکە دەڵێت کاکە کاسێتم بدەیە، نەك کابیسە، پاشان کارمەندەکە دەڵێ برایانە پێت دەڵێم ئەتاری کردن بۆتۆ عەیبە، تۆ بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنێکی و ناکرێ تۆ لە ئیدارە ئەتاری و کۆنکان بکەی،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تۆ ئینتەرنێتت لەبەر دەستە، بچووە بزانە دنیا چ باسە، بەڕێوەبەری یاریچی لە وەڵامدا دەڵێ " کاکە هەموو کارمەندەکان لە ژوورەکانی خۆیاندا دەیکەن، تۆش بچووە لە شوێنێك بۆخۆت دۆمینە و ئەتاری بکە، یان لە ژووری کامێرا مانەکان چای بخۆوە، کارمەندەکە دەڵێ" کاکە گیان نەهاتووم لێرە چای بخۆمەوە و ئەتاری بکەم، هاتووم کاری هونەری بکەم، بەڕێوەبەری شەیدای ئەتاری دەڵێ" دوێنێ فلانی و فلانی (دوو گەورە بەرپرسی حزبی) لێرە بوون و هەردووکیان ئەم ئەتاریەیان کردووە و لەبەر ئەوان بەر من نەدەکەوت، ئەگەر عەیب بوایە ئەوان نەیان دەکرد، کارمەندەکە دەبینێ تەنیا ئاسنی سارد کوتانە و بێسوود و فایدەیە هەر بۆیە دەڵێ" بۆیە ئەم وڵاتە وەزعی ئاوا خاوێنە، بەرپرسی ئاوا خاوەنیەتی و دەسەڵاتی لەدەست دایە، بەهەر حاڵ زۆر شتی تری لەلایەن ئەو کارمەندەوە پێ گوتراو ڕەخنەی لێگیرا، کە بەڕاستی بۆ نووسین و باسکردن نەشیاون، هەر پاش ئەم قسانە و تێپەڕبوونی مانگێك حوکمیفەیڵی ئەم کارمەندەبەخۆیوخێزانیەوە دەردەچێ، (بەرپرسی ڕاگەیاندنەکەشی زۆر بەبێ ویژدانیەوە ئەم حوکمە ئیمزا دەکات، تەنانەت بێ لێپێچینەوە و ئاگادار بوون لە مەسەلەکان) ئێستاش ئەوەی کە جێگەی سەر سوڕمانە ئەوەیە کە بەرهەمە ئامادەکراوەکانی ئەم دوو کارمەندە لە تەلەفزیۆنە گەندەڵەکەی ئەو بەڕێوەبەرە بڵاو دەبنەوە بەڵام ناوەکانیان وەك ئامادەکار، دەرهێنەرونووسەردەقرتێنرێ، (ئەوەش خۆی لە خۆیدا نەوعێکە لە دزی هونەری کە بە داخەوە لەم وڵاتەدا دزانی هونەری هیچ یاسایەك نایان گرێتەوە) ئەوەی باسکرا نموونە و وێنەیەکی زۆر بچووك بوو، واتە مشتێك بوو لە خەروار، لەم وڵاتەدا گەلێ کەس پێیان خۆشە ئەوانەی ڕاستی و دروستی شتەکان دەڵێن بخەون، بەڵام خەیاڵیان خاوە و دڵنیا بن کە هەن کەسانێك کە هیچ کات لە ئاست ناهەقدا سەر داناخەن و ئەگەر بە زەرەریشیان تەواو بووبێت بەلایانەوە ئاساییە، واتە ئەگەر کوێر بن، کەڕ بن، لاڵ بن، شەل و گۆج بن، نەفام نابن و تا ئەو ڕۆژەی ماون بە فکر و بیرەوە ئیش دەکەن و نا هەقی قبوڵ ناکەن، لە کۆتایدا داواکارم بیکەن بۆ خاتری خوا و کوردستان وەرن با ئەم فەرهەنگەی عەرەبی بەعسی فڕێدەین، ڕۆژێك لە لوقمانی حەکیمیان پرسی"ئەدەب و فەرهەنگ و ئەخلاق لە کێوە فێر بووی؟ لە وەڵامدا گوتی" لە بێ ئەدەب و بێ ئەخلاقەکانەوە" گوتیان چۆن؟ گوتی" هەرچی ئەوان کردیان ئەمن نەم کردبۆیەلەکۆتاییدا دەڵێم وەرن با ئەوەی ئەوان (بەعس) کردوویانە ئێمە نەیکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.